# کریسمس و جەژنی سەری ساڵ
## د. حسن پێنجوێنی

### پێشەکی:

پاش سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری باڵا دەست ، و سەلات و سەلام بۆ گیانی پاکی پێغەمەر و ئال وئەسحابی و شوین کەوتوانی تا رۆژی قیامەت..

خوێنەری بەرێز! ئەم بابەتەی لەبەر دەستایە لەساڵی ٢٠٠٦دا لە (سایتی پێنجوێنی)دا بڵاومان کردەوە، ئەوکاتە سایتەکە هێشتا هاک نەکرابوو، خوێنەرێکی زۆری هەبوو، گۆشەیەکیشمان کردبووەوە بۆ پرسیاری خوێنەران، نامەیەکی زۆرمان بۆدەهات لەبارەی کریسمس و سەری ساڵی زاینییەوە، بەتایبەت لەو خوێنەرانەی لەدەرەوەی کوردستاندا دەژیان، ئێمەش بەدوادا چوونێکمان بۆ کرد، و سەردانی فتوای هەردوو قوتابخانە فیقهییەکەمان کرد، و رای هەردولایانمان هێنا، و بەڵگەو دەلیلەکانیش لە فەتواکانیانەوە وەرگیراوە، وەک:

فتاوى المجلس الأوربي للبحوث والإفتاء.

فتاوى اسلام أون لاين. لمجموعة من العلماء.

و فتاوى الشبكة الاسلامية.و ئیسلام تودەی.

وسەردانی سەرچاوەکانیشمان کردەوە بۆ دڵنیایی، بۆ فەرموودەو ئایەتەکانیش سەردانی تەفسیرە ناودارەکان و شەرحی کتێبە فەرمودەکانمان کردووە، و لەئەنجاما ئەم باسەی لێ دەرچوو.. سوپاس بۆ خوا دەوری خۆی هەبوو لە روونکردنەوەی حەقیقەت بۆ خوێنەران.. و هیوادارم خوا حەقمان بەحەق پێ نیشان بدات و شوێن کەوتنی بکاتە بەشمان، وە ناحەقیشمان بە ناهەق پیشان بدات و دوورکەوتنەوە لێی بکاتە بەشمان.. بێ گومان ئەویش باشترین کۆمەک و چاترین پشتیوانە..

د.حسن پێنجوێنی
بریسبن - ئوستراليا
٢٠١٩/١٢/٢٠

## جەژنی لەدایكبوون و سەری ساڵ:

لەم رۆژانـەدا بـەرەو رووی جـەژنی لـەدایكبوونی حـەزرەتی عیسا سلاَوی خودای لێ بێت و سـەری سـاڵی زاینـی دەبینـەوە، و موسـڵمانانێكی زۆریش لە ولآتانی رۆژئاوا دەژین و پەیوەندی جۆراو جۆریان لەتـەك خـەڵكی ئـەو شـوێنانەندا هەیـە، بـەهۆی تێكـەڵی و دراوسـێیەتی لـە خانـەو لانـەدا، وهاوكاری لە كارگەو دایەرەكاندا، یا لەقوتابخانـەو زانكۆكاندا، یالـە نێوان نـەخۆش و پزیشكە دڵسۆزەكەیدا.. بـە حوكمی ئـەو پەیوەندیانـە و چەندەها شـتی تـریش پرسـیارێكیان بـۆ دێتـە پـێش كـە: ئەگـەر مرۆڤـی موسـڵمان بەبۆنەی جەژن، یـا سـەری ساڵەوە پیرۆزبـایی لـە نامۆسڵمانێك بكات پێی گوناهبار دەبێ؟!

لەراستیدا ئەم پرسیارە پرسیارێكی نوێ نییە، زانایانیش لـەو بـارەوە راو بـۆ چـوونی جیاوازیـان هەیـە، هەنـدێك پێیـان وایـە دروسـت نییـەو حەرامـە، وهەندێكی تریشیان مەرج دادەنێن، ئەگەر ئـەومەرجانـە هاتنـە دی دروستە، و دەنا نە.

### ئەوانەی پێیان حەرامە:

بێگومان ئیمام ئیبنو تەیمییـەو قوتابییەكـەی ئیمـام ئیبنوقـەییم لـەوبارەوە زۆر سەختگیربوون، و پێان وایە ئەوەی پیرۆزباییان پێ بڵێ، وەك ئەوە وایـە بـە كافربوونەكـەیان رازیـی بـێ، خۆئەگـەر كەسـێكیش بـەكافر بوونەكـەیان رازیی بێ، پێی كافر دەبێ. ئەمەش فتوای یەكێكە لـەو زانایانـەی سعوودی لـەوەلاَمی كەسێكا كـە لـەوبارەوە پرسیاری لێكـردووە، و ئـەویش بەقسـەی ئیمام ئیبنو قـەییم فتوای داوە، و وەلاَمـی داوەتـەوە، سـەیری بكـە بزانـە رای چۆنە؟

دەڵێـت: " زانایـان یـەكڕان! لـەوەدا كـە پیرۆزیـایی كردنـی كریسـمس و جەژنی تریش لـەكافران حەرامـە، هـەروەك ئیبنو قـەیم لـە كتێبـی ئـەحكامی زیممە -أحكام الذمة- دا باسی دەكات، ئەوەتە دەفـەرموێ: (زانایـان یـەكڕان لـەوەدا كـەپیرۆزبایی گـوتن بـە دروشـمی تایبـەت بـە كـوفر حەرامـە، وەك پیرۆزبـایی لێكردنیـان بـە جـەژن یـا بـە رۆژوویـان، و بڵـێ: جـەژنتان

پیرۆزبێ، یاخۆشحاڵی بەوجەژنـەیان دەربـبڕێ، ئـەوەی کـە وادەڵـێ ئەگـەر پێی کافر نەبێ، کارێکی حەرامی کردووە، وەك ئەوە وایە کـاتێ سوژدە بۆ خاچ دەبات، پیرۆزبایی پێ بڵێت، بەڵکو ئەگەر پیرۆزبایی پێ بڵێت، تـاوانی لای خوا لەوە گەورەترە که شەراب بخواتەوە یا بێتاوانێك بکوژێ، یـا زینـا بکـات، زۆرێ لەوانـەی رێزێـک بـۆ ئـاین لایـان نییـە، ئەکـەونـە نـاو ئـەو تاوانەوە، و نازانن چ خراپەیەکیان کردووە، ئەوەی بەهۆی گوناهێکـەوە، یـا بیدعەیەکــەوە، یــا کوفرێکــەوە پیرۆزبــایی لەکەسـێك بکــات، ئــەوە خــۆی خستۆتە بەرغـەزەب وخەشـمی خـوا) قسـەکەی ئیبنـو قـەییم بەرەحمـەت بـێ تەواو بوو. "

ئینجـا دەڵـێ: "پیرۆزبـاییکردن لـەکافران بەبۆنـەی جەژنـە ئاینییەکانیانـەوە بۆیە حەرامە، چونکە وەك جێگیر کردنیانە لەسەر ئەودروشمە کوفرییانـە، و رازیبـوون پێـی بۆیـان. هەرچەنـد ئـەو بـەو کـوفرە رازی نـەبێ بۆخـۆی، بــەلاَم لەســەر موســوڵمان حەرامــە بــە دروشــمی کــوفر رازی ببــێ، یــا پیرۆزبایی لەغەیرە موسڵمان بکات ".

پاشان دەڵێ: "هەروەها بۆموسڵمان حەرامە: خۆی وەك کـافران لـێ بکـات، بەئاهـەنگ گێـڕان بـەو بۆنـەوە، یـا دیـاری گۆڕینـەوە لەتـەکیانا یـا شـیرینی گێـڕان، یــا خــوان ئامــادەکردنی خــواردن، یــا واز لــەکار هێنــان، و جگــە لەوانەش "

ئەمە فتوای یەکێکە لەوموفتیانەی لەبارەی جەژنە پیرۆزە بەناموسڵمانانەوە ، یا دیاری وەرگرتن لێیان، و دیاری بۆ بردنیان خستمانە روو. لـە مـەزەبی حەنەفیشدا شێخ ئەبو حەفسی نەسەفی حەنەفیی رای وەك ئەمان وایە..

لە موغنیدا ئیبنوقودامەی حەنبەلی باسـی جـەژنـی سـەری سـاڵ ولـەدایکبونـی مەسـیح ناکــات، بــەڵکو باســی حــوکمی ئــەوە دەکــات ئەگــەر موســڵمانان لەناوخۆیانـدا پیرۆزباییـان لـە یـەکتر کـرد، حوکمـە شـەرعیەکەی چییـە؟ ئەویش رای ئیمام ئەحمەد لەو بارەوە دێنێ و دەفەرموێ:

لـەبارەی پیرۆزبـایی خەڵکییـەوە لـەرۆژی جـەژنـدا کـە بەیـەکتر دەڵێن:خـوا قبــوڵی بکــات و لــەئێوەش؟ پرســیاریان لــەئیمام ئەحمــەد کــرد، ئــەویش فـەرمووی: خراپەیـەکی تیـا نییـە. پاشـان دەفـەرموێ: موحەممـەدی کـوڕی زیاد گوتویەتی: لەتەك هاوەڵەکانی پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم بووم وەك ئـەبو ئومامـەی بـاهیلی و جگـە لـەویش، کـاتێ لەجـەژن دەگەڕانـەوە

هەندێکیان بەهەندێکی تریانی دەگوت:خوا لە ئێمەو ئێوەشی قبووڵ بکات. ئەحمەد فەرمووی سەنەدی فەرموودەکە سەنەدێکی چاکە، وعەلی کوڕی سابیت دەڵێ: سیی و پێنج ساڵ دەبێ لەمالیکی کوڕی ئەنەسم پرسیوە کە فەرمووی: تا ئێستاش ئەوە لەناو خەڵکی مەدینەدا هەیە. لە ئیمام ئەحمەدەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: من خۆم بەکەس ناڵێم، بەلاَم ئەگەر پێیان گوتم، وەلاَمیان دەدەمەوە. (1).

## زانایانی شافیعی بەلایانەوە کەراهەتی هەیە:

زانایانی شافیعی بەلایانەوە کەراهەتی هەیە ئەوەتە: شیخی ئیبنوحەجەر لە(فەتحولباری)دا لە شەرحی ئەو فەرمودەیەدا " لکل قوم عید " دەفەرموێ:

ئەم فەرموودەیە ئەو حوکمەی " لێ وەردەگیرێ کە شادی دەربڕین لە جەژنی موشریکاندا، و وەك ئەوان کردن کەراهەتی هەیە ". دەبینین شێخی ئیبنو حەجەر رای وایە: ئەگەر لەجەژنی موشریکاندا شادی بکات و وەك ئەوان بکات کەراهەتی هەیە، ئەگەر نا کەراهەتیشی نییە..

پاشان شێخی ئیبنو حەجەر دەفەرموێ: شێخ ئەبو حەفسی نەسەفی لە مەزەبی حەنەفییدا زیادە ڕەوی لەم مەسەلەیەدا کردووە، و گوتوویەتی: ئەوەی هێلکەیەکی بەدیاری تیا ببات بۆ موشریکێ، بۆ ڕێز وگەورەیی ئەو رۆژە، ئەوە کافر بووە بەخوای تەعالا. (2). بەلاَم دەبینین ئەم قسەی ئەبو حەفسەش بەستراوە بە مەرجی: ڕێزگرتن و بەگەورەیی سەیرکردنی جەژنەکەیان، نەك بۆ موجامەلەو خاتری چاکەو پیاوەتی ناسراوە ناموسوڵمانەکەی.. واتە: ئەگەر لەبەر ئەو هۆیە بوو ئەوکاتە کافر دەبێ بە خوای تەعالا. هێشتا ئەم لە بۆچوونەکەیدا لەئیبنو قەییم ئەهوەن ترە..

زانایانی شەرعزان وموفتی لەغەیری قوتابخانەکەی ئیمام ئیبنو تەیمییەدا: رایان هەروەك رای شێخی ئیبنو حەجەرە و پێیان وایە مادام لەبەر تەقدیسی جەژنەکە، و دروشمە ئاینییەکەیان نەبێت هیچ گوناهێکی تیا نییە.

## ئەمەش پاڵفتەی فتواکانیانە:

ژمارەیەکی زۆر لەزانایان دەفەرموون: مەسیح سلاَوی خودای لێ بێت، لە بیروباوەڕی ئیسلامی ئێمەدا پێغەمبەرێکی گەورەیە،و یەکێکە لە خاوەن عەزمەکان، لای ئێمەش بەڕێز و هێژایە، و ئەوان سەرپەرِی دەکەن و بەخوای دەزانن، مانای وانییە ئێمە ڕێزی لێنەگرین، و بەهێژای نەزانین..

ئەوەی پێی وابێ کە پیرۆزبایی پێ گوتنیان بەبۆنەی لەدایکبوونی مەسیحەوە سلاَوی خوای لەسەربێ حەرامە، چونکە پەیوەندی بەوە وە هەیە کەباوەڕیان وایە عیسا خودایە، بێگومان بەهەڵەدا چووە. چونکە ئەم پیرۆزباییە هیچ پەیوەندییەکی بە بیروباوەڕ، یا توندڕەوی و سەرپەڕیانەوە نییە.

لەبوخاریدا بۆمان باس دەکات کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبەر جەنازەی ئافرەتێکی جوو هەستاوەتە سەرپێ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبەر عەقیدەو بیرو باوەڕی ئەو یەهوودییە هەستاوەتە سەرپێ، بەڵکو ئەمە دەربڕینێك بووە بۆ ئەوەی دەری بخات کە مردن چ هەیبەت و گەورەییەکی هەیە.

**پیرۆزبایی پێ گوتنیان** بەبۆنەی سەری ساڵی زایینییەوە هیچ پەیوەندییەکی بە عەقیدەیانەوە نییە، بەڵکو تەنیا سەرەتایەکە بۆ مێژوو، لەکاتێکا عومەری کوڕی خەتتاب خەڵکەکەی کۆکردەوە، بۆ ئەوەی ڕووداوێك هەڵبژێرن، تا بیکەنە سەرەتایەك بۆ حسابی ساڵانە و مێژوو، چەندان ڕایان پێشنیازکرد، وەك: مێژووی زاینیی، و مێژووی جوولەکە، و ...تاد، ئەگەر بەحەرامیان بزانیبا باسیان نەدەکرد..

**دیاری وەرگرتن**: دیاری وەرگرتن لە ناموسوڵمانان و پاداشت دانەوەیان هیچ حەرامییەکی تیا نییە، چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دیاری لە ناموسوڵمانان وەرگرتووە، وەك ئەو دیارییەی لە پادشای میسری وەرگرت(3)، وەك ئەو دیارییەی لە پاشای (دەومەتول جەندەل)ی وەرگرت (4)، وەك ئەو دیارییەی لەپاشای (ئیلە)ی وەرگرت، (5) بەمەرجێ ئەودیارییە شتێکی حەرام نەبێ لەدینی ئێمەدا وەك: شەراب، یا گۆشتی بەراز، یاوێنەی ئافرەتێکی ڕووت..

ڕاستە هەندێ لەزانایان وەك شێخولئیسلام ئیبنوتەیمییەو قوتابییەکەی بە ڕەحمەت بن، سەختگیرییان لەمەسەلەی جەژنی ناموسڵماناندا کردووە، ئێمە لەوەدا هاو ڕایانین، کە موسڵمان نابێ جەژنی ئەوان بەجەژنی خۆی بزانێ، و شایی وشادی تیا بکات، چونکە ئێمە جەژنی خۆمان هەیە، و ئەوانیش جەژنی خۆیان هەیە، بەلاَم هیچ خراپیەك لەوەدا نابینین کە ئەوانەی پەیوەندی دراوسێیەتی، یا خزمایەتی، یا هاوڕێیەتی، یاپەیوەندی کۆمەلاَیەتی تریان بەوانەوە هەیە لەکاتی جەژنەکانیانا پیرۆزباییان پێ بڵێن، کەئەمەش دەبێتە هۆی پتەوکردنەوەی پەیوەندی.

بەشـی زۆری زانایـانی شـەرعزان پیرۆززبـاییکردن لەنامۆسـڵمان بـەهۆی جەژنیانـەوە بەدروست دەزانن، بەپێی ئەم بەڵگانەی خوارەوە:

**یەکـەم: بەڵگـەی قورئــانی**: قورئـانی پیـرۆز دەسـتوری پەیوەنـدی نێـوان موسـڵمان ونامووسـڵمانی لـەم دووئایەتـەی سـوورەتی مومتەحینـەدا دیـاری کردووە کە دەفەرموێ:" لا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ،إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ. إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ، وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ، وَظَاهَرُوا عَلَى إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ، وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ. " الممتحنـة: 8-9.

واتە: خوا جڵەوگیری ئەوەتان لێ ناکات، کە چاك رەفتـار و داد پـەروەربن، لەتـەك ئـەو کەسـانەدا کـە جـەنگیان لـەدژ نـەکردوون، ودژایـەتی ئاینیـان نـەکردوون، ولـەجێ و شـوێنی خۆتـان دەریـان نـەکردوون، بیگومـان خـوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت. بەڵکو خوا تەنیا ئـەوەتان لـێ قەدەغە دەکـات ، پشـتیوانی لەوانـە بکـەن کـە شـەڕیان لـەدژی ئاینتـان کـردووە، و لـەجێ و شـوێنی خۆتـان دەریـان کـردوون، و بـەزەقی دەوریـان لـە ئاوارەکردنتانـا هەبووە، ئەوەی لە ئێوە پشتیوانی لەوانە بکات بێگومان زاڵم و ستەمکارە.

دەبینین ئایەتەکان جیاوازییان لەنێوان شەڕخواز و چاکە خوازیاندا داناوە..

ئایەتەکــە رێــی چاکــە و دادگــەری بەرامبــەر جــۆری یەکــەم دانــاوە، دادپەروەری ئەوەیە نـە مـافی خـۆت بـەو بدەیت، و نـەمافی ئـەویش بخۆیـت وەك تـرازوو بەرامبـەربێ.. بـەلاَم چاکرەفتـاری (البـر) ئەوەیـە کـە واز لەهەندێ مافی خۆیشت بۆ بەرامبەرەکەت بێنـی، و بـەزیادەوە مـافی خـۆی بدەیتێ و چاکەی لەتەکا بکەیت.خوا رێی بە عەدل و بیرِ داوە لەتەکیانا.

جا ئەوانەی ئایەتەکە نەهی لە لایەنگرییان کردووە، کەسانێکی دیندوژمن و شەڕخوازن، ئەوەی موسڵمان بێ رقیان لێیەتـی، و هـەوڵیش بـۆ لـەناو بـردن و ئاوارەکردنیـان دەدەن.. وەك کافرەکـانی قـورەیش بەرامبـەر موسـڵمانانی مەککە..

**بەڵگەش لەسوننەتدا ئەوەیە**: "عن أسماءَ بنتِ أبي بكرٍ قالتْ: قدمَتْ عَلـيَّ أمِّي وَهِيَ مُشْرِكة فِي عَهْدِ قرَيْشٍ، إذْعَاهَدُوا رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم ومُدَّتِهِمْ مَعَ أبِيهَا، فاسْتفتَتْ رَسُولَ اللهِ صلـى الله عليـه وسلم فَقُلتُ: يَـا رَسُـولَ اللهِ! إنَّ أمِّي قدِمَتْ عَلـيَّ وَهِيَ راغِبَـة، أفَأصِلُهَا؟ قـالَ: نَعَمْ، صِلِيها. "(6)

ئەسمای کچی ئەبوبەکر هات بۆلای پێغەمەر صلى الله عليه وسلم گوتی: ئەی پێغەمەری خوا! دایکم بت پەرستە، و هاتووە بۆ سەردانم، و ئارەزووی لێیە سەردانی بکەم، و دیاری بۆ ببەم، ئایا سەردانی بکەم و پەیوەندیم لەتەکیا هەبێ؟ فەرمووی: (صِلِيهَا) سەری لێ بدە. لەریوایەتێکی ترا فەرمووی: (صِلِي أمَّكِ) سەر لەدایکت بدەو پەیوەندیت لەتەکیا هەبێ ..

ئەوە بت پەرست بوو، خۆ هەڵویستی ئیسلام بەرامبەر ئەهلی کتێب زۆر ئاسانترە تا بەرامبەر موشریك و بت پەرستەکان. تەنانەت قورئان رێی ئەوەی داوە مرۆڤی موسڵمان نانیان بخوات و ئاژەڵ و پەلەوەری سەر براویشیان بەحەلاَل بزانێ، زیاد لەوە دروستە ژنیان لێ بخوازرێ و هەر لەسەر دینی خۆیشیان بن.. ئەوەتە لە سوورەتی مائیدەدا دەفەرموێ: " وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ، وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ، وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ. " المائدة/5.

ئەوانەی خاوەن کتێبن خواردنیان حەلاَڵە بۆتان، و خواردنی ئێوەش حەلاَڵە بۆیان، و مارەکردنی ئافرەتانی پاکداوێن لەئیمانداران، و نیکاحی ئافرەتانی پاکداوین لەوانەی پیش خۆتان کەخاوەن کتێب بوون حەلاَڵە بۆتان. بێگومان خۆشەویستی و سۆزی نێوان ژن ومێرد شتێکی سروشتیە، و بەڵکو یەکێکە لەبەرهەمەکانی وەك خوای بالاَدەست دەفەرموێ:"وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً " الروم/ 21. یەکێك لەنیشانەکانی دەسەلاَتی خوا ئەوەیە کە لەخودی خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردون، تا لەپەنایاندا ئارام بگرن، و لەنێوانتانا خۆشەویستی و سۆزی بەدیهێناوە.. چۆن پیاو خێزانی خۆی خۆش ناوێ کە هاوبەشی ژیان و دایکی منداڵ و ماڵداریەتی؟

لەبارەی ئەم پەیوەندییەی نێوان ژن ومێردەوە خوا فەرموویەتی: " هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ " البقرة/ 187. واتە: ئەوان بەرگ و پۆشاکن بۆئێوە، و ئێوەش بەرگ و پۆشاکن بۆ ئەوان.داخوازییەکانی ئەم جووتبوون و هاوسەرییە، دروستبونی پەیوەندیەکی بنەڕەتی و سروشتییە لەنێوان خەڵکیدا، کە ئەویش خزمایەتییە بەهۆی ژنخوازییەوە، لە ئەنجامی ئەمەوە دایك و خاڵ و پوور و نەنك و باپیرە، و خاڵۆزا و پورزا دروست دەبێت، ئەمانەش لەئیسلاما مافی رەحم و خزمایەتیان هەیە، خوایش دەفەرموێ: " وَأُوْلُواْ الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللّهِ " الأنفال: 75. لە بەرنامەی خوادا ئەوانەی پەیوەندی خزمایەتی رەحمیان هەیە هەندێکیان لەپێشترن بۆهەندێکیان لەخەڵکی تر.. هەروەها خوا

فەرموویــەتی:" إنَّ اللّهَ يَــأْمُرُ بِالْعَــدْلِ وَالإِحْسَــانِ وَإِيتَــاء ذِي الْقُرْبَــى " النحـل/91. بیگومـان خـوا فـەرمان دەکـات بەدادگـەری و چاکرِەفتـاری و بەخشندەیی لەتەك خزماندا..

جگە لەوەی ئیسلام موسڵمانان هان دەدات لەتـەك دایك و خزمـانی خویا - باکـافریش بـن - چاکـە کـار و خـۆش رەفتـاربێ، و هانیشـیان دەدات تـا خۆشرەفتار و جوانکار بن بەرامبەر ئـادەمزاد بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەتـە ئامۆژگـاری ئـەبوزەر دەکـات و دەفـەرموێ: " اتَّقِ اللهَ حَيْثمَا كنْتَ، وَأتبعِ السَّيئَةَ الحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ النـاسَ بِخُلقٍ حَسَنٍ "(7) واتـە: لەهـەرکوێ بوویـت لـەخوا بترسـە، و بەشـوێن خراپـەدا کـردەوەی چاکـە بکـە پـاکی دەکاتەوە، بەرەوشتی جوان لەگـەڵ خەڵکیدا مامەڵـە بکـە.. نافەرموێ لەتـەك موسوڵماناندا..بەڵکو دەفەرموێ: لەگەڵ خەڵکیدا کافربێ یا موسوڵمان..

لەم بارەوە فەرمودەیەکی دروست هەیە، کـە لـەژیانی کردەوەیـی رۆژانـەدا هاتووە، ئەوەبوو هەندێك لە جووەکان رۆیشتن بۆ مـاڵ پێغەمـەر صـلی الله علیـە وسلم و لـەباتی ئەسسـەلامو عەلـەیکوم، گوتیـان: ئەسسـامو عەلـەیکوم، واتـە: مـردن و تیـاچون بـۆ ئێـوەبێ.. کـە حـەزرەتی عائیشـە گـوێی لێبـوو، فەرمووی: ئەی دوژمنانی خوا! سام و لەعنەت لـەئێوەبێ. پێغەمـەر صـلی الله علیە وسلم لەسەر ئەوە سەرکۆنەی کرد بۆچ وایان پێ دەڵێ؟!

ئەویش عەرزی پێغەمەر صـلی الله علیـە وسلم ی کـرد: ئـەی پێغەمـەری خوا! گوێت لێ نەبوو چیـان گـوت؟ فـەرمووی: بـا، گـوێم لـێ بـوو، و منـیش گوتم: وەعەلەیکوم. واتە: بۆخۆیشـتان. ئـەی عائیشـە! خـوا لەهـەموو کارێکـا نـەرم و نیانی پێ خۆشە(8)..

## خوێنـەری بەرِێز!

ئەمانە هەموو ئایەت بوون لەتەك فەرموودەو نموونـەی سیرەتی پێغەمـەری خۆشەویست .. زیاد لەهەموو ئەمانە خوا دەفـەرموێ: "وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا " النساء:86. ئەگەر سلاَوتان لێکرا، بـەجوانتر لەوە یا وەك خۆی سلاَویان لێ بکەنەوە ..

دەشێ موسڵمان لەرێزگرتندا لە خەڵك خوارتر نـەبێ، و لەرەوشت بەرزیدا کەمتر نەبێ، بگرە دەبێ موسوڵمان لەو بارەوە بالآدەست تربێ، و رەوشـت کـامڵتربێ، هـەروەك پێغەمـەر صـلی الله علیـە وسلم دەفـەرموێ: " أكمَلُ

المُـؤمِنينَ إيمَانًـا أحْسَـنُهمْ خُلقـاً " (9) كـاملْترينى كـەس لەئيمانـدا رەوشـت جوانتر ينيانـه ".

ئەمانـە هەموورەوشـتى بـەرزى ئيسـلامين بەشـێوەيەكى گشـتى. هاوسـێش لەئيسـلامدا موسـوڵمان بـێ يـان نـە، مـافى تايبـەتى خـۆى هەيـە، ئەگـەر موسـوڵمان و خـزم بـوو، ئـەوە سـێ مـافى هەيـە. مـافى خزمايـەتى، و مـافى ئيسـلام، و مـافى هاوسێيى. ئەگـەر موسـڵمان بـوو خـزم نـەبوو، ئـەوا مـافى دراوسێيەتى و مافى ئيسلامى هەيە. ئەگەر نە خزم بوو نـە موسڵمان، ئـەوا مافێكى هەيە كە ئەويش مـافى دراوسێيەتييە.. ئەومافـەش مـافێكى پيرۆزە و پێغەمـەرى خـوا صـلى الله عليـه وسـلم لەفەرموودەيـەكا موسـڵمانانى لـێ ئاگـادار كردۆتـەوە تـا ئاگايـان لـەو مەسـەلەيە هـەبێ، و فەرموويـەتى: " مَـا زالَ جبْريـلُ يُوصِـيني بِالجَـار حَتـىَ ظننْـتُ أنَّـهُ سَـيُوَرِّثُهُ "(10) جبريـل لـەبارەى هاوسێوە ئەوەنـدەى بـۆ بـاس كـردم تـا گومـانى ئـەوەم بـرد دەيكاتـە ميراتگر.. واته: يەكێك لە ئەندامانى خێزانەكە..

ئيسلام ئاوا موسوڵمانان هان دەدات تـا چاكرِەفتـار وخـۆش مامەڵـەبن لەتـەك هاوسێى ناموسڵمانياندا..و خوايش دەفەرموێ: " لا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ،إِنَّ اللَّهَ يُحِـبُّ الْمُقْسِـطِينَ. " يـەكێ لەنيشـانەى چاكـەكردن بەرامبـەريان: سـەردانيان، و هەواڵپرسين، و پيرۆزبـايى پـێ گوتنيانـە بەبۆنـەى خۆشـى و شاديانەوە، بەڵكو هاوبەشى كردنيشيانە ئەگەر كارى حـەرامى تيا نـەكرێ.. وەك ئاوێتـەبوونى ژن و پيـاوى نامـەحرەم بەشـێوەيەكى نادروسـت، ياشەرابخواردنەوە..تاد..

ئـەم رەوشـتە ئيسـلامييەيە كـە دەبێتـە هـۆى هيدايـەت و رێنـوێنى خـەڵكى.. چەنـدان وڵات هـەن سـوپاى ئيسـلامى رووى تێنـەكردوون، و بـەجوانترين شێوەش ئيسـلاميان تيـا بڵاوبوەتـەوە، ئەندەنوسيا كـە ئـەمرۆ بەگـەورەترين دەوڵـەتى ئيسـلامى دا دەنرێـت لـەبارەى سـەرژمێرييەوە يەكێكـە لـەو دەوڵەتانـە، بـەهۆى رەوشـتى بـەرزى بازرگانـانى موسـڵمانەوە موسـوڵمان بوون..

**زانايان دەفەرموون:**

ئەو بۆچونى بەكافركردنە، هەڵەيەكى گەورەيە لەو دوو ئيمامە بەرِێزەوە، و (سـبحان مـن لايخطـيء )، يەكـەم هەڵـە ئەوەيـە كـە دەفـەرموون:

موسـولْمانان یـەکرِان لـەوەدا.. " بـەلاَم زانایـانی شـافیعی رایـان وانییـە، و بەحـەرامی نـازانن، کـەوابوو ئیجمـاع نـەبوو، چۆن دەفـەرموون: " فحـرام بالاتفاق " ؟ ئەمە لە لایەکەوە.

لەلایــەکی تــرەوە چــۆن پیرۆزبــایی لێکردنیــان بــەهۆی جەژنــەوە، وەك پیرۆزبایی لێکردنیان وایە بەهۆی کرِنووش بردنیان بۆ خاچەوە؟ جیاوازی نێوان ئەم دوو حاڵەتە زۆر گەورەیە..

ئەگەر ئەمە وەك ئەوە وابێ، کە لە سەر کوفرەکەیان رێزیان لـێ بگیررێ، دەبێ نوێژکردن لە کەنیسەکەیانا زیاتر رێزگرتنی تیا بـێ بۆ عەقیدەکـەیان! (11)، وە دەبـێ ژن لـێ مارەکردنیـان و رازی بـوون بـەوەی لەسـەر دینـی خۆیـان بمێننـەوە، زۆرتـر رێـزی تیـابێ بـۆ خـوا بەسـێ زانینیـان! خـوایش بــەدەقی قورئــان ئەمانــەی بــۆ موســولْمانان حــەلاَل کــردووە، هــەروەك دەفـەرموێ:" وَطَعَـامُ الَّـذِينَ أُوتُـواْ الْكِتَـابَ حِـلٌّ لَّكُـمْ وَطَعَـامُكُمْ حِـلٌّ لَّهُـمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ " المائدة/5. ئەوانـەی خـاوەن کتێبن خواردنیـان حەلاَڵـە بۆتـان، و خـواردنی ئێـوەش حەلاَڵـە بۆیـان، و مـارەکردنی ئافرەتـانی پاکـداوێن لەئیمانـداران، وئافرەتانی پاکداوینیش لەوانەی خاوەن کتێب بـوون پێش خۆتـان نیکاحیـان حەلاَڵە بۆتان(12).

ئەمـەش ئـەوە ناگەیـەنێ ئێمـە لەتـەکیانا ئاهـەنگ بگێرِین، بـەڵکو ئێمـە تـەنیا پیرۆزباییــان پــێ دەڵێــین، ئەمــەش بەشــێکە لــەو چاکــەو ئیحســانەی کــە ئایینەکەمان داوامان لێ دەکات..

هیوادارم بەم چەند دێرِە توانیبێتمان ئەو مەسـەلەیەمان روون کردبێتـەوە بۆ خوێنەر تا خۆی بەرچاو روون بێ لە بەڵگەی ئەوانەی بە حـەرامی دەزانـن و بەڵگەی ئەوانەش کە بەحەرامی نازانن..

خوایش ئاگادارترە..

# # #

## پەراوێزەکان:

1- راجع المغني لابن قدامة المقدسي:كتاب الصلاة/ باب صلاة العيدين/فصل. " سئل أحمد عن قول الناس في العيدين: تقبل الله منكم. قال: لا بأس به. " ثم يقول: "وذكر ابن عقيل في تهنئة العيد أحاديث منها, أن محمد بن زياد قال: كنت مع أبي أمامة الباهلى وغيره من أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم فكانوا إذا رجعوا من العيد يقول بعضهم لبعض: تقبل الله منا ومنك. وقال أحمد: إسناد حديث أبي أمامة إسناد جيد، وقال على بن ثابت: سألت مالك بن أنس منذ خمس وثلاثين سنة وقال: لم يزل يعرف هذا بالمدينة. وروي عن أحمد أنه قال: لا أبتدى به أحدا, وإن قاله أحد رددته عليه. "

2 - راجع فتح الباري بشرح صحيح البخاري في كتاب الجمعة/ باب في العيدين والتجمل.برقم:899. وفي قوله: " لكل قوم عيد " كالنيروز والمهرجان، وفي النسائي وابن حبان بإسناد صحيح عن أنس " قدم النبي صلى الله عليه وسلم المدينة ولهم يومان يلعبون فيهما، فقال: " قد أبدلكم الله تعالى بهما خيرا منهما: يوم الفطر والأضحى ". واستنبط منه كراهة الفرح في أعياد المشركين والتشبه بهم، وبالغ الشيخ أبو حفص الكبير النسفي من الحنفية فقال: من أهدى فيه بيضة إلى مشرك تعظيما لليوم فقد كفر بالله تعالى. في كتاب الجمعة/باب في العيدين والتجمل، برقم: .899

3 - راجع صحيح مسلم بشرح النووي في كتاب فضائل الصحابة/باب وصية النبي صلى الله عليه وسلم بأهل مصر، برقم: .4615

4 - راجع صحيح البخاري في كتاب الهبة /باب قبول الهدية من المشركين، ص: 520، برقم: .2423

5 - راجع صحيح البخاري في كتاب الزكاة /باب خرص الثمر، ص: 295، برقم: 1387.

6 - أخرجه البخاري في كتاب الجزية والموادعة/باب إثم من عاهد ثم غدر، ص: 650، برقم: 2946. ومسلم في كتاب الزكاة، برقم 1670.

7 - أخرجه الترمذي في البر والصلة /باب ماجاء في معاشرة الناس، برقم: 1910. وأحمد في مسند الأنصار، برقم: 20392.

8 - أخرجه البخاري في كتاب الأدب / باب الرفق في الأمر كله، ص: 1281. برقم: .5565

9 - أخرجه الترمذي بسند صحيح في كتاب الإيمان/ باب ماجاء في استكمال الإيمان، برقم:2537.

10 - - أخرجه البخاري في كتاب الأدب / باب الوَصَاءَةِ بالجار، ص: 1279. برقم:5556. و مسلم في كتاب البر/ باب الوَصِيةِ بالجار، برقم:4757.

11- لەگەڵ ئەوەدا ئیمامی نەوەوی بەرەحمەت بێ لە (مینهاج)دا دەفەرموێ: نوێژکردن لەم شوێنانەدا کەراهەتی هەیە: لە گەرماو (حەمام) و ڕێگا، و سەلوێنك، وکەنیسە، و مۆڵگەی وشتر، و گۆرِستانێ گۆرِەکانی هەڵ نەدرابێتەوە ". دەبینین کەراهەتە کەی وەك کەراهەتی نوێژە لە حەمامدا، نەك وەک ئینسانی پێی کافر ببێ.. راجع مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج، للشيخ محمد الشربيني الخطيب: 203/1، قبل سجود السهو بصفحة.

12 - ئیمامی نەوەوی بەرەحمەت بێ دەفەرموێ: پێغەمەر صلى الله عليه وسلم لەم حوكمە هەڵبوێرراوە، و نیكاحی كیتابی بۆ ئەو دروست نەبووە، لەبەر ئەوە خوا دەفەرموێ: "وأزواجه أمهاتهم " خێزانەکانی دایکی ئیمانداران، دروستیش نییە موشریك دایکی ئیمانداران بێت. " راجع مغني المحتاج إلى معرفة معاني ألفاظ المنهاج، للشيخ محمد الشربيني الخطيب: كتاب النكاح/فصل يحرم نكاح من لاكتاب لها: 187/3. دەبینین کیتابییەکانی بە موشریك ناو بردووە لەگەڵ ئەوەدا کە نیکاحیان بۆ موسلمانان بە دروست داناوە، ونەیش بوە بەهۆی ئەوە رازی بێ بەعەقیدەکەیان.

## سەرچاوەکانی ئەم باسە:


1- تفسير القرآن الكريم للقرطبي
2- تفسير القرآن العظيم لابن كثير.
3- صحيح البخاري
4- فتح الباري بشرح صحيح البخاري
5- صحيح مسلم بشرح النووي.
6- المغني لابن قدامة المقدسي.
7- مغني المحتاج بشرح ألفاظ المنهاج.
8- المحلى لابن حزم الأندلسي.
9- فتاوى المجلس الأوربي للبحوث والإفتاء.
10- فتاوى اسلام أون لاين. لمجموعة من العلماء.
11- وفتاوى مركز الفتوى والبحوث الإسلامية لمجموعة من العلماء فتاوى الشبكة الاسلامية.